

رۆناڵدینیۆ و فیگۆ داوا دەکەن کورد بەهێز و یەکگرتوو بن..

# رۆناڵدینیۆ بۆ هێلی لەڤ: زۆر حەزدەکەم بێمە کوردستان

سامان ولاتژێری - تایبەت بە رووداوی وەرزشی

هێلی لەڤ، گۆرانیبێژی بەنێوبانگی کورد، بەتایبەت بۆ (رووداوی وەرزشی) باسی ئەو گفتوگۆیەی دەکات، کە لە پورتوگال لەگەڵ هەردوو ئەستێرەی بەنێوبانگی جیهانی، رۆناڵدینیۆی بەرازیلی و لویس فیگۆی پورتوگالی کردوویەتی و دەڵێت «ئەوان داوائینکرد کورد بەهێز و یەکگرتوو بن».

هێلی لەڤ، لە هەڤپەیڤینێکی تایبەتدا لەگەڵ (رووداوی وەرزشی) باسی چۆنیەتی چاوپێکەوتنی خۆی و ئەو دوو ئەستێرەیە دەکات و ئاشکرایدەکات کە چی بەوان گوتووە؟ داوای چی لێکردوون؟ ئەوانیش چ وەڵامێکیان بۆی هەبووە؟.

هێلی لەڤ، کە لەسەر داوای فەرمی ئەنتۆنیۆ کۆستا، سەرۆکوەزیرانی پورتوگال سەردانی ئەو وڵاتەی کرد بۆ بەشداریکردن لە پانێلی وێب سۆمیت، کە هێلی لە پورتوگال بەشداری لە دوو پانێلدا کردو لە چوارچێوەی بەشداریکردنیشی لەو پانێلانەدا رۆناڵدینیۆ و فیگۆی بینی. ئەو دەڵێت «باسی کوردستانم بۆ کردن و باسی رۆڵی پێشمەرگەم بۆ کردن لەدژی داعش، بەڕاستی کاتێک ئەوان زانیان کوردستان لە شەڕدایە زۆر خەمباربوون و داوای یەکگرتنیان لە کورد کرد». ئەو هەروەها گوتیشی «رۆناڵدینیۆ پێیگوتم زۆر حەزدەکەم سەردانی کوردستان بکەم».

2

WWW.RUDAW.NET

رووداو وەرزشی

ژمارە (424) سێشەممە 2016/11/15 24ی گەلاڕێزان - 2716 (500) دینار

رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کور

## "تانگۆ بەرامبەر سامبا زیاتر بە تیپی کۆڵان دەچوو نەک یەکەمی ریزبەندی فیفا"



# لیۆ بڕۆ

3

**ریڤاڵدۆ:** ئەرجەنتین بەرامبەر بەرازیل بە مێسی و بە بێ مێسیش هیچ نییە

**گاتۆسۆ:** ئەوەی رەخنە لە مێسی بگرێت خەڵک گۆمان لە عەقڵی دەکات نەک لە توانای مێسی

## رۆناڵدۆ هیچی لە ئۆباما کەمتر نییە



4

## ترەمپ پریمەرلیگ تێکدەدات



3

## براوەکانی (51)یەمین لۆتۆی (رووداوی وەرزشی)

1. بەهەست بەختیار ئەحمەد
2. هاوژین خدر ئەحمەد
3. کامەران توفیق عەبدوڵڵا
4. هەڵکەوت محەممەد کەریم
5. سیدار رێباز مەحموود


LOTTO

8



3

# زاوا سوێدییەکەی کورد حەشر دەکات




## ڕۆمانییەکان ڕەتدەکاتەوە

سالح جابر، یاریزانی کوردی یانەی وەرزشـیی زاخۆ، کە نیشتەجێی وڵاتی ڕۆمانیایە و ماوەی 5 وەرزە لە ڕیزی ئەم یانەیە یاریدەکات، ئەمساڵیش جارێکی دیکە گرێبەستی لەگەڵ یانەی زاخۆ نوێکردەوەو وەک خۆی باسیدەکات هەرچەندە ئەو لە لایەن چەندین یانەی خولی پلە یەکی ڕۆمانیاوە داواکراوە، بەڵام لەبەر یانەی زاخۆ ڕەتیکردوونەتەوە. لەو بارەوە یاریزانی ناوبراو بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «من یانەی زاخۆم خۆشدەوێت و بۆ ئەوە هاتوومەتەوە تاوەکو خزمەتی ئەو یانەیە بکەم، بۆیە هەموو گرێبەستەکانی دیکەم ڕەتکردووەتەوە».

### هێلی لەڤ، لەگەڵ ڕۆناڵدینیۆ و فیگۆ باسی کوردستان و پێشمەرگەی کردووە..

# «دڵنیام ڕۆناڵدینیۆ و فیگۆ دێنە کوردستان»



**ڕۆناڵدینیۆ: زۆر حەزدەکەم سەردانی کوردستان بکەم**

**هێلی لەڤ: لەوانەیە بۆ بینینی یارییەکانی مۆندیال لەگەڵ فیگۆ و ڕۆناڵدینیۆ بچمە ڕووسیا**

سامان وڵاتژێری
تایبەت بە ڕووداوی وەرزشی

چەند ڕۆژێک پێش ئێستا گۆرانیبێژی بەناوبانگی کورد، هێلی لەڤ لەسەر داوای فەرمی ئەنتۆنیۆ کۆستا، سەرۆکوەزیرانی پورتوگال سەردانی ئەو وڵاتەی کرد بۆ بەشداریکردن لە پانێلی وێب سۆمیت، کە هێلی لە پورتوگال بەشداری لە دوو پانێلدا کردو لە چوارچێوەی بەشداریکردنیشی لەو پانێلانەدا چاوی بە دوو ئەستێرەی بەناوبانگی پێشووی جیهانی تۆپی پێ کەوت و باسی کوردی لەگەڵ کردن.

هێلی لەڤ، چاوی بە ڕۆناڵدینیۆ گاوچۆ دی ئاسیس، ئەستێرەی پێشووی تۆپی پێی بەرازیل و یانەکانی بارسێلۆنای ئیسپانی، ئەی سی میلانی ئیتاڵی و لویس فیگۆ، کاپتنی پێشووی هەڵبژاردەی پورتوگال و ئەستێرەی یانەکانی بارسێلۆنا و ڕیال مەدریدی ئیسپانی کەوت.

هێلی لەڤ، باسی بینینی ئەو دوو ئەستێرەی تۆپی پێی جیهانی بۆ (ڕووداوی وەرزشی) کرد و ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە لەگەڵ ئەوان باسی کوردستان و شەڕی پێشمەرگە لەگەڵ داعشی کردووەو دەڵێت «باسی کوردستانم بۆ کردن و باسی ڕۆڵی پێشمەرگەم بۆ کردن لەدژی داعش، بەڕاستی کاتێک ئەوان زانیان کوردستان لە شەڕدایە زۆر خەمباربوون و داوای یەکگرتنیان لە کورد کرد».

پۆپ ستارەکەی کورد، لەبارەی گفتوگۆیەکەی لەگەڵ ڕۆناڵدینیۆ و فیگۆ، زیاتر قسەی بۆ (ڕووداوی وەرزشی) کرد و گوتی «هەرچەندە کاتێک لەگەڵ ڕۆناڵدینیۆ باسی کوردستانم کرد، ئەو هیچ زانیارییەکی لەسەر کورد نەبوو، نەیدەزانی کوردستان لە کوێیە؟ بەڵام کاتێک زیاتر قسەمان کرد و پێمگوت تۆ لە کوردستان خاوەنی هاندەرێکی زۆریت زۆر بەوە سەرسام بوو».

هێلی لەڤ، باسی ئەوەشیکرد کە ئەو داوای لە ڕۆناڵدینیۆ کردووە سەردانی کوردستان بکات بۆ ئەوەی لە نزیکەوە توانای وەرزشوانانی کورد ببینێت کە ئەوان چەند بەهێزن، بەڵام دەرفەتیان کەمە، هەروەها داوای لێکردووە وەک یاریزانێکی بەنێوبانگی تۆپی پێ سەردانی ئاوارەکان بکات و هاوکاریان بکات.

هێلی لەڤ، لەگەڵ ڕۆناڵدینیۆ باسی شەڕی پێشمەرگە لەگەڵ داعشی کردووەو لەو بارەوە گوتی «کاتێک بەو یاریزانەم گوت، کوردستان لە شەڕێکی قورسدایە زۆر بەوە خەمباربوو و داوایکرد کورد یەکگرتوو و بەهێزبن و گوتیشی زۆر حەزدەکەم ڕۆژێک لە ڕۆژان کوردستان ببینم».

هەر لە چوارچێوەی بەشداریکردن لە پانێلی وێب سۆمیت، سۆپەر ستاری کورد چاوی بە لویس فیگۆی ئەستێرەی پێشووی تۆپی پێی پۆرتوگالیش کەوتووەو لەگەڵ ئەو یاریزانە باسی ئەپلیکەیشنی دریم فوتبووڵیان کردووە کە فیگۆ خاوەنییەتی و هاوکاری ئەو وەرزشوانانە دەکات کە دەیانەوێت ببنە یاریزان و دەڵێت «داوام لە فیگۆ کرد بێتە کوردستان بۆ ئەوەی وەرزشوانانی کوردیش سوود لەو ئەپلیکەیشنە وەربگرن بۆ ئەوەی زیاتر پەرە بە تواناکانیان بدەن و ببنە یاریزانی بەهێز».

ئەو کچە گۆرانیبێژە کوردە، زیاتر گوتی «ئەوەی دڵخۆشی کردم ئەوەبوو کە کاتێک لەگەڵ ڕۆناڵدینیۆ و فیگۆ باسی کوردستانمان دەکرد، ئەوان تیمێکیان لەگەڵ بوو و شتەکانیان دەنووسییەوە، لەبەرئەوە لەو باوەڕەدام ڕۆژێک دێت ئەوان دێنە کوردستان و هاوکاری وەرزشوانان و ئاوارەکانیش دەکەن».

لە کۆتایی قسەکانیدا هێلی لەڤ ئەوەشی بۆ (ڕووداوی وەرزشی) ئاشکرا کرد کە لەوانەیە جارێکی دیکە ئەو دوو ئەستێرەیە ببینێتەوەو گوتی «لەگەڵ ڕۆناڵدینیۆ و فیگۆ باسی یارییەکانی جامی جیهانی داهاتووی ڕووسیامان کرد، لەوانەیە پێکەوە بچین سەیری یارییەکانی ئەو مۆندیالە بکەین».

# «زێرەڤانی لە نەورۆز بباتەوە وەستانی نابێت»

**بابۆ: 5 تاوەکو 6 یاریم پێویستە تاوەکو ئەوەی من دەمەوێت بێتەدی**

سامان وڵاتژێری
ڕووداوی وەرزشی - دهۆک

بەپێچەوانەی هەموو یانەکانی دیکەی بەشدار لە خولی نایابی پێشمەرگەی کوردستان یانەی زێرەڤانی پێش دەستپێکردنی ڕکابەرییەکانی وەرزی نوێی خولەکە ژمارەیەکی زۆری یاریزانی گواستەوە ڕیزەکانی و ئامادەکارییەکی زۆری بۆ خولەکە کردو تەواوی پێکهاتەکەی گۆڕی، دوای ئەوەی سەمیر بابۆ پۆستی ڕاهێنەرایەتی یانەکەی وەرگرت.

پێش دەستپێکردنی خولەکە هەموو بۆچوونەکان دەیانگوت ئەمساڵ ڕاگرتنی زێرەڤانی ئەستەمە، جگە لە بردنەوەی نازناوی خولەکە بە شتێکی دیکە ڕازی نابێت، بەڵام لە دوو یاری ڕابردووی خولەکەدا ئەو یانەیە تاوەکو ئێستا تەنیا دوو خاڵی بەدەستهێناوە، یاری داهاتووشی بەرامبەر یانەی نەورۆزی پێشەنگی کۆمەڵەی یەکەمە بە 6 خاڵ. ئەرکی زێرەڤانیش هێندە ئاسان نییە، هەرچەندە لەنێو یاریگەو هاندەرانی خۆی یاری دەکات.

خاڵد موشیر، کاپتنی یانەی زێرەڤانی و یەکێک لە بەئەزموونترین یاریزانەکانی خولەکە بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند، سەرەڕای ئەوەی ئەنجامەکانی دوو یاری ڕابردوو بە دڵی ئەوان نییە، بەڵام یانەکە خاوەنی یاریزانی باشەو متمانەیەکی تەواوی بە یانەکەی هەیە». هەروەها گوتیشی «زۆرینەی یاریزانەکان یەکەمجارە پێکەوە یاری دەکەین و پێویستیمان بە کاتە بۆ زیاتر دەرکەوتنی توانای زێرەڤانی لە خولەکەدا».

لەبارەی ئەو هەڵانەی یانەکە لە 2 یاری ڕابردوودا بەرامبەر برایەتی و هەولێر کردوویەتی موشیر گوتی «پێویستە بەو خاڵانەدا بچینەوەو هەوڵبدەین ئەو هەڵانە دووبارە نەکەینەوە».

کاپتنە 35 ساڵییەکەی زێرەڤانی ئەوەشی ڕاگەیاند، ئەوان بۆ یارییەکەی بەرامبەر نەورۆز زۆر بەباشی ئامادەنەو دەڵێت «ئەگەر یارییەکە ببەینەوە ئیدی وەستانمان نابێت».

سەمیر بابۆ، ڕاهێنەری کەشتییەکەی زێرەڤانییە، ئەو زۆر باش لە تیپەکەی ڕازییە و بڕوای بەوە هەیە بە تێپەڕبوونی کات زێرەڤانی دەکەوێتە سەر ڕێچکەی سەرکەوتن و ئاستی ڕاستەقینەی خۆی پێشکەشدەکات.

بابۆ بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند، ئەوەی لە 2 یاری ڕابردوودا ڕوویدا شتێکی ئاساییەو ئەنجامەکەی بەرامبەر هەولێریش زۆر دادپەروەرانە بوو، یانەکەم پێویستی بە 5 تاوەکو 6 یاری دیکە هەیە تاوەکو ئەوەی من دەمەوێ بێتەدی».

لەبارەی یارییەکەی بەرامبەر نەورۆز لە گەڕی سێیەمی خولەکەدا، بابۆ گوتی «نەورۆز یانەیەکی بەهێزە، ئێمەش بەتەواوی بۆ یارییەکە ئامادەین، جگە لە بردنەوە هیچ بژاردەیەکی دیکەمان لەبەردەستدا نییە».

لەبارەی ئامانجی یانە سوورپۆشەکەی دهۆک لەم وەرزەی خولەکەدا، ڕاهێنەری زێرەڤانی بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «ئامانجی سەرەکیمان گەیشتنە بە قۆناخی کۆتایی خولەکە، کە گەیشتینە ئەو قۆناخەش قسەیەکی دیکەمان دەبێت».



**سیبیستیان کو، سەرۆکی فیدراسیۆنی گۆڕەپان و مەیدانی جیهان:**

# گۆڕەپان و مەیدانی جیهان هەنگاوێکی گەورە دەنێت

هەرێز جەمال
ڕووداوی وەرزشی - بەیرووت

سەرۆکی فیدراسیۆنی گۆڕەپان و مەیدانی جیهان، لۆرد سبیستیان کو لە پەراوێزی بەشداریکردنی لە ماراتۆنی ساڵانەی بەیروت،دۆخی سیاسی جیهانی بە وەرزشەوە بەستەوە، کە ئێستا ناسەقامگیری ئەو دۆخە بەشی زۆری وڵاتانی گرتووەتەوە.

کو، لە پانێلێکی کراوە بۆ ژمارەیەک ڕۆژنامەڤان و وەرزشوانان، کە لە هۆتێل لانکستەر پلازا لە بەیرووت سازیکرد، گوتی «ئەو دۆخە سیاسییە ناسەقەگیرەی هەیە لە زۆرینەی وڵاتانی جیهان پەیوەندیەکی زۆری بە وەرزشەوە هەیەو کارێکی نەرێنی کردووەتەوە سەر گەشەسەندنی یاریزانان و ڕاهێنەران و تەواوی جومگەکانی وەرزش، بۆ ئەوەش دواکەوتنی وەرزش بە تەواوەتی لە بەشی زۆری وڵاتان بەدیدەکرێت یاخود بە جۆرێکی دیکە بەرەو نەمان دەڕوات «.

سەرۆکی فیدراسیۆنی گۆڕەپان و مەیدانی جیهان، کە سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی وڵاتەکەشیەتی گوتی «بەرەوپێشبردنی وەرزش بەشێکی کاریگەرە لە پەیوەندی ئاشتی و خۆشەویستی و یەکتر قبوڵکردن بۆ ئەوەش میکانزمی نوێ لە وڵاتە پێشکەوتووەکان بەو هەنگاوە نراوەو قۆناخێکی باش و سەرکەوتووشی بڕیوە «.

لە دیدارەکە، کە (ڕووداو) وەک تاکە میدیا لە باشووری کوردستان و عێراق ئامادەیبوو، کو گوتی «لێتان ناشارمەوە لە 10 ساڵی ڕابردوو خەریکبوو یاری گۆڕەپان و مەیدان بەرەو داتەپین هەنگاو بنێت، بەشی زۆری یاریزانان ئالوودەبوون بە خواردنی مادە وزەبەخشەکان، بەڵام دوای وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتیم هەماهەنگیم لەگەڵ ڕێکخراوە بەرەنگاربوونەوەی مادە وزەبەخشەکان سەرجەم دەرگاکان بە ڕووی ئەو دەرمانانە داخستووەو ئێستاش ئەو هەنگاوە لە سەرەتادایەو ڕەنگە کۆمەڵێک پاڵەوان بکاتە قوربانی، کە پێشتر تەنیا بە دەرمان ئاستیان بەرزکردووەتەوە لە بری مەشقکردن».


کو، کە پاڵەوانی پێشووی ئۆڵیمپیادو جیهانە لە ڕاکردنی 800 ـ 1500 مەتر، سەرۆکی لیژنەی ئۆڵیمپی بەریتانیاو سەرۆکی لیژنەی ڕێکخستنی ئۆڵیمپیادی لەندەن 2012 بووە، گوتیشی «لە وڵاتە هەژارەکان و ئەو وڵاتانەی کە بناخەی یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان لە قۆناخی سەرەتادان، پاڵپشتی بەهێزیان دەکەین و سەرجەم توانا لۆجیستییەکانیشیان دەخەینەگەڕ بە بەشداریپێکردنیان لە خولەکانی دەرەوەدا».

کو، خۆشحاڵی خۆی نیشاندا کە وڵاتی لوبنان سەرەڕای ئەو دۆخە سیاسییەی تێپەڕیوە گەورەترین هەنگاوی بڕیوە بۆ پێشکەوتنی وەرزش، بەتایبەت بەردەوامبوونی ماراتۆنی بەیرووت، کە 14 ساڵە بە بەشداری هەزاران ڕاکەر لە سەرتاسەری جیهانەوە بەڕێوەدەچێت.

KOREK
Telecom









ئینتەرنێتی
EXTRA G
بە ئارەزووی خۆت لەگەڵ 3 کەس بەش بکە

ئینتەرنێتی EXTRA G بەسەر خزم و دۆستانت بەش بکە لە هەر شوێنێکی عێراق بن بەشێوازێکی ئاسان و خێرا

- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەستە بۆ سەرجەم بەشداربووانی ئێکسترا و ئێکسترا VIP و ئێکسترا پلەس.
- بۆ کاراکردن: سەردانی ماڵپەڕی "بژاردەکانم" بکە لەڕێگەی ئەم لینکە selfcare.korektel.com هەروەها هەژمارێك بۆ خۆت دروست بکە بۆ مەبەستی بەشداریکردن لە ئینتەرنێت.
- دەتوانی ئینتەرنێت بەش بکەی بەسەر 3 ژمارە یاخود بە ئامێرێك کە پاڵپشتی سیمکارت بکات (Korek Modem, Korek Hotspot, Tablet, Mobile ,....) تەنانەت ئەگەر لە هەمان شوێنیش نەبن.
- ماوەی بەردەستبوون: هەمان ماوەی بەردەستبوونی ئەو پاکێجەی هەیە کە بەشداریت لێی کردووە.
- دەتوانی ژمارەکان زیاد بکەی و بیان سڕیتەوە هەروەها دەتوانی قەبارەی هەر بەکارهێنەرێك دیاری بکەی.

| پاکێجەکان | ئێکسترا | ئێکسترا VIP | ئێکسترا پلەس |
|---|---|---|---|
| قەبارە | 10 GB | 20 GB | 40 GB |
| کاراکردنی پاکێج (د.ع.) | 40,000 | 60,000 | 90,000 |
| ماوەی بەردەستبوون | 30 ڕۆژ | 30 ڕۆژ | 30 ڕۆژ |
| کاراکردنی بەشداربوونی داتاکان (د.ع.) | 7,000 | 6,000 | 5,000 |
| زیادکردنی بەشداربوو (د.ع.) | 5,000 | 4,000 | 3,000 |

411
korektel.com

ڕووداو وەرزشی
ژمارە (424)
سێشەممە 2016/11/15



## گاڵتەی پێدەکات

بوشرای هاوسەری رۆبن ڤان پێرسی هێرشبەری هۆڵەندی یانەی فەنەربەخچەی تورکی گاڵتە بە هاوسەرەکی دەکات و بە یاریزانانی یاری بۆکسێن دەیچووێنێت. دوای ئەوەی پێرسی لە چاوی تووشی پێکانێکی قورس بوو، بوشرا لە لێدوانێکدا بە پێکەنینەوە گوتی «دوای ئەو پێکانە پێرسی وەک بۆکسێنەرێک دێتە پێش چاوم نەک یاریزانی تۆپی پێ، بەراستی باوەڕم نەدەکرد رۆژێک یاریزانێکی تۆپی پێ کە یاریزانانی بە قاچەکانیان یاری دەکەن نەک بە دەست، بەو شێوەیە تووشی پێکان بێت».

**ریڤاڵدۆ:** ئەرجەنتین بە مێسی و بە بێ مێسیش هیچ نییە

# ئەرجەنتینییەکان داوا دەکەن مێسی وازبێنێت



## رۆژنامەنووسێک بۆ مێسی: ئەمجارە وازبێنە، دڵنیابە خۆپیشاندان ناکەین بۆ گەڕانەوەت

**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

دوای دۆڕانە قورسەکەی ئەرجەنتین بەرامبەر بەرازیل لە پاڵاوتنەکانی مۆندیالی 2018، هەندێک لە ئەرجەنتینییەکان خۆیان پێ کۆنترۆڵ نەکراو هێرشێکی توندیان کردە سەر لیۆنێل مێسی ئەستێرە و کاپتنی هەڵبژاردەی تانگۆ، تەنانەت داوایانکرد مێسی واز لە یاری نێودەوڵەتی بێنێت.

دوای ئە دۆڕانە، هەڵبژاردەی ئەرجەنتین لەبەردەم مەترسییەکی راستەقینە دایە، کە گەیشتنی بۆ مۆندیال زەحمەت کەتووە، بۆیە ئەرجەنتینییەکان، کە پێیانوایە گەڕانەوەی مێسی لەدوای ئەوەی وازی لە یاری نێودەوڵەتی نابوو، هیچی لە واقیعەکە نەگۆڕیوەو دەڵێن یاریزانانی هەڵبژاردەکەیان بە مێسیشەوە شکستخواردوون.

رۆژنامەکانی ئەو وڵاتە بەزەییان بە مێسی و هاوڕێکانیدا نەهاتەوەو تیپەکەیان بە فاشیل لە قەڵەمدا، وەک ئەوەی رۆژنامەی فۆکس سپۆرتس نووسیبووی «ئەم تیپە پڕە لە یاریزانی فاشیل، 4 یاری کۆتاییان دۆڕاندووە، ئەوان راهاتوون لەسەر دۆڕان».

لیۆنێل مێسیش، کە هیچی لە واقیعەکە نەگۆڕیوە، کەوتە بەر هێرشی رۆژنامەنووسان، وەک ئەوەی پابلۆ لافۆرکاردی رۆژنامەنووس لەبارەی مێسییەوە نووسیوەو دەڵێت «مێسی.. تۆ کە ناتوانی شتێک بۆ هەڵبژاردەی ئەرجەنتین زیاد بکەی، واز لە یاریکردنی نێودەوڵەتی بێنە، دڵنیابە ئەمجارە خۆپیشاندان ناکەین بۆ گەڕانەوەت».

ئەو رۆژنامەنووسە هەروەها مێسی بەوە تۆمەتبار دەکات کە کاریگەری بەسەر راهێنەرەوە هەیە و ئەو وادەکات یاریزانە هاوڕێکانی هەمیشە یاری بکەن و لەو بارەوە دەڵێت «ئێمە مێسیمان خۆشدەوێت، بەڵام ئەگەر هەڵبژاردەی ئەرجەنتین بەردەوام بێت لە پشتبەستن بە هاوڕێکانی ئەو، وەک دی ماریا، ئەگوێرۆ، هیگواین، زاباڵێتا و رۆمیرۆ، ئەوا پێویستە بۆ خۆمان بەدوای سەرکردەیەکی دیکەدا بگەڕێین». هەروەها دەشڵێت «هەڵبژاردەی ئەرجەنتین بەرامبەر بەرازیل زیاتر بە تیپی کۆڵان و سەر شەقام دەچوو، نەک هەڵبژاردەی یەکەمی ریزبەندی فیفا».

رۆژنامەی ئۆلێی بەناوبانگی ئەرجەنتینی، راپرسییەکی سەبارەت بەو دۆڕانە ئابرووبەرەی ئەرجەنتین ئەنجامداو ئەنجامەکان دەریانخست کە 39%ی ئەرجەنتینییەکان پێیانوایە ئیدگاردۆ باوزای راهێنەر هۆکاری سەرەکی ئەو شکستە گەورەیەی تانگۆ بووە.

رۆژنامەکە لەبارەی مێسیشەوە، دەڵێت «مێسی ناتوانێت رۆڵی رزگارکەر ببینێت، گەڕانەوەیشی هیچ شتێکی بەرەو باشتر نەگۆڕی».

> «ئەرجەنتین بەرامبەر بەرازیل زیاتر بە تیپی کۆڵان دەچوو، نەک هەڵبژاردەی یەکەمی ریزبەندی فیفا».

بەرازیلییەکانیش ئەمەیان بە دەرفەت زانی و رۆژنامەکانیان بە چەندین شێوە گاڵتەیان بە رکابەرە تەقلیدییەکەیان کرد، کە سەرەنجراکێشترینیان، وتەیەکی رۆژنامەی ئۆلێی بەرازیلی بوو، کە نووسیبووی «مێسی لەگەڵ هاوڕێکانی نەگەڕایەوە هوتێل، چونکە هێشتا لە باوەشی فرناندینیۆیە».

بەرەبەیانی سبەی چوارشەممە 2016/11/16، هەڵبژاردەی ئەرجەنتین لە گەڕی 12ی پاڵاوتنەکاندا، لە یارییەکی زۆر گرنگدا میوانداری هەڵبژاردەی کۆلۆمبیا دەکات، پێویستە مێسی و هاوڕێکانی بە هەر نرخێک بێت 3 خاڵی ئەم یارییە ببەنەوە، ئەگەر بیانەوێت خۆیان لە خنکان لەنێو شەپۆلی تووڕەیی ئەرجەنتینییەکان رزگار بکەن. چونکە بە دۆڕاندنی ئەو یارییە هیواکانیان زۆر کەم دەبنەوە لە گەیشتن بە مۆندیال، کە تاوەکو ئێستا بە کۆکردنەوەی 16 خاڵ پلەی شەشەمی ریزبەندی گرتووە. کۆلۆمبیاش بە 18 خاڵ لە پلەی سێیەم دێت.

**ئۆلێی بەرازیلی:** مێسی لەگەڵ هاوڕێکانی نەگەڕایەوە هوتێل، چونکە هێشتا لە باوەشی فرناندینیۆیە

پێیوایە ئەرجەنتین هەمیشە بەرامبەر بەرازیل هیچ نییە..

## ریڤاڵدۆ سووکایەتی بە مێسی دەکات و گاتۆسۆش وەڵامی دەداتەوە

**ڕووداوی وەرزشی ـ CNBC**

لەدوای بردنەوەی هەڵبژاردەی بەرازیل لە ئەرجەنتین لە چوارچێوەی پاڵاوتنەکانی مۆندیالی 2018ی رووسیا، لە تووڕە کۆمەڵایەتییەکاندا لێدوانێک بەناوی ریڤاڵدۆی ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی بەرازیل و یانەی بارسێلۆنای ئیسپانییەوە بڵاوکرایەوە، گوایە سووکایەتی بە لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی دەکات.

بە گوێرەی ئەوەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوبووەتەوە، ریڤاڵدۆ گوتوویەتی «خەڵک دەڵێت ئەرجەنتین بەبێ مێسی هیچ نییە، لە راستیدا ئەرجەنتین بە مێسیشەوە بەرامبەر بەرازیل هەر هیچ نییە»، ئەو قسانەی ریڤاڵدۆ، ملیۆنەها هەواداری مێسی لە سەرانسەری جیهان تووڕەکرد، چونکە بە سووکایەتی پێکردن دەزانن. بۆیە بە چەندین شێوە وەڵامی ریڤاڵدۆیان داوەتەوە، کە هەندێکیان هێندە تووڕەن وەڵامەکانیان بە جنێو و قسەی ناشیرین ئاراستەی ریڤاڵدۆ کردووە. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە جینارۆ گاتۆسۆی ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی ئیتاڵیاش یەکێکە لەوانەی لەسەر مێسی بەدەنگ هاتووە لەدژی ریڤاڵدۆ، تەنانەت گومان لە عەقڵی ریڤاڵدۆ دەکات. لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا وەڵامێک بە ناوی گاتۆسۆ ئاراستەی ریڤاڵدۆ کراوە، گوایە دەڵێت «ئەگەر تۆ رەخنە لە مێسی بگریت، خەڵک گومان لە سەلامەتی عەقڵت دەکات نەک لە تواناکانی مێسی». بەشێوەیەکی روونتر گاتۆسۆ بەم پەیامە ویستوویەتی بە ریڤاڵدۆ بڵێت «ئەگەر تۆ گومانت لە تواناکانی مێسی هەبێت واتە تۆ شێتی و عەقڵی خۆت لەدەستداوە».

کاریگەری دەرچوونی ترەمپ بەسەر تۆپی پێی ئینگلیزییەوە..





# ترەمپ پریمەرلیگ تێکدەدات

**ڕووداوی وەرزشی ـ THE SUN**

دەرچوونی کاندیدی کۆمارییەکان دۆناڵد ترەمپ، لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو لە سەرتاسەری جیهاندا، نەوەک تەنیا لەبەر کاریگەری سیاسی گەورە، کە بێگومان لەژێر سەرپەرشتی ئەو گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بەڵکو لە زۆر بواری دیکەش، وەک وەرزش بە گشتی و تۆپی پێ بەتایبەتی.

رۆژنامەی THE SUNی ئینگلیزی، 5 هۆکاری دەستنیشان کردووە، کە پێیوایە ترەمپ کاریگەری خراپی بەسەر یانە گەورەکانی ئینگلتەراوە دەبێت.

1 ـ پلانەکانی ترەمپ

لە پلانەکانی ترەمپ کارکردنە لەسەر سنووردارکردنی کۆچکردن بۆ ئەمریکا، دیاریکردنی ژمارەی ئەو کەسانەی ڤیزا چوونە ئەو وڵاتەیان پێدەدرێت، ئەوەش لەوانەیە ژمارەیەکی زۆری یاریزانان ناچار بکات، بیر لە چوونە ئەمریکا نەکەنەوە، بەمەش ئینگلتەرا دەبێتە شوێنگرەوەی، لە میانی ئەوەشدا ژمارەیەکی زۆر لە یاریزانی بیانی روو لە پریمەرلیگ دەکەن، بەتایبەتی ئەوانەی پێیانوایە ئینگلتەرا جێگرەوەیەکی گونجاوی ئەمریکایە، ئەوەش کاریگەری بەسەر هەڵبژاردەی ئینگلتەراوە دەبێت.

2 ـ دەرکردنی یاریزانان

بێجگە لەو یاریزانانەی رێگەیان پێنادرێت بچنە ئەمریکا، یاریزانی دیکەش لە ئەمریکا دەردەکرێن، ئەوەش لە لێدوانی رەگەزپەرستانەی ترەمپ دەرکەوت، کە پێش هەڵبژاردنی باسی دەکرد، بەدەرکردنی چەند چینێکی دیاریکراو لە وڵاتەکەیدا.

3 ـ رۆیشتنی ئەستێرە ئینگلیزەکان

بەرنامەکەی ترەمپ مەبەست لێی سەپاندنی باجی گەورەیە بەسەر خاوەن داهاتە بەرزەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە ئەستێرەکانی تۆپی پێی ئینگلیزیش دەگرێتەوە، ئەوانەی بەم دواییە ڕوویان لە خولی ئەمریکا MLS کردووە هاوشێوەی، فرانک لامپارد، ستیڤن جیرارد و ئاشلی کۆل، بەمەش بە رێژەیەکی زۆر ناچار دەبن لە یانەکانیان برۆن.

4 ـ راگرتنی کەمپی یانەکانی ئینگلتەرا لە ئەمریکا

یانەکانی ئینگلتەرا لە کاتەکانی پێشوودا لەوە راهاتوون، پێش دەستپێکردنی وەرزی تازە روو بکەنە ئەمریکا، بە مەبەستی ئەنجامدانی کەمپی راهێنان و خۆ ئامادەکردن بۆ وەرزی تازە، بەڵام ئەگەر ترەمپ مەرجی قورس بۆ نێو چوونە ئەمریکا دابنێت، بەدڵنیاییەوە گەشتی یانەکانی ئینگلتەرا کەم دەبێتەوە، کە بێگومان ئەمەش کاریگەری بەسەر ئاستی یانەکان و دواتریش پریمەرلیگەوە دەبێت.

5 ـ دابەزینی بەهای مانچێستەر یونایتد

ناوی یانەی مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزی لەوەتەی ساڵی 2012وە لە بۆرسەی ئەمریکا تۆمارکراوە، بۆیە هەر پاشەکشەییەک لە بۆرسە لە بەهای مانچێستەر یونایتد کەم دەبێتەوە، بە دڵنیاییەوە ئەوەش دەبێتە مایەی نیگەرانی بۆ خانەوادەی گلیزەری خاوەنی یانە ئینگلیزییەکە.

سوێدییەکان دڵیان بەوە خۆشە کە فۆرسبێرگ جێگەی ئیبراهیمۆڤیچ دەگرێتەوە..

# زاواکەی کورد حەشر دەکات



**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

ئیمیل پیتەر فۆرسبێرگ، ئەو یاریزانە سوێدییەی هاوسەرگیری لەگەڵ کچە یاریزانێکی کورد کردووە، ئێستا لە وڵاتەکەی بووەتە جێگەی خواس و باسی هەموو هاندەرانی تۆپی پێ، بەهۆی ئەو ئاستە بەرزەی لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی پێشکەش دەکات، کە سوێدییەکان پێیانوایە «فۆرسبێرگ جێگرەوەی راستەقینەی زلاتان ئیبراهیمۆڤیچی ئەفسانەی تۆپی پێی سوێدە».

فۆرسبێرگ، لە یاری سوێد و فەرەنسا لە گەڕی چوارەمی پاڵاوتنەکانی مۆندیالی 2018ی رووسیا، بەو ئاستە بەرزەی پێشکەشی کرد، هیوای ئەوەی بە سوێدییەکان بەخشی، کە ئەوان خاوەن یاریزانێکی دیکەن لە توانایدا هەیە ببێتە جێگرەوەی زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ.

ئەو یاریزانە، بێجگە لەوەی لەو یارییەدا گۆڵێکی جوانی لە لێدانێکی راستەوخۆ تۆمارکرد، وەک سەرکردەش لەنێو یارییەکەدا دەرکەوت، کە بەڕاستی چاودێران ئەوەی لێدەخوێننەوە کە زۆر سیفەتی ئەوەی تێدایە جێگەی زلاتان بگرێتەوە، تەنانەت ئەو یاریزانە درێسی ژمارە 6ی لەبەردەکرد، بەڵام کاتێک ئیبراهیمۆڤیچ وازی لە یاری نێودەوڵەتی هێنا، درێسی ژمارە 10ی ئیبرا بە فۆرسبێرگ درا.

ئیمیل پیتەر فۆرسبێرگ، رۆژی 2016/6/15 ژیانی هاوسەری لەگەڵ شەنگە حوسێنی کچە یاریزانی کورد پێکهێنا، کە خەڵکی شاری سلێمانی باشووری کوردستانەو نیشتەجێی سوێدە. شەنگە خۆیشی یاریزانێکی بەتوانای تۆپی پێیە و یاری بۆ هەڵبژاردەی ئافرەتانی سوێد بۆ تەمەن خوار 20 ساڵی کردووەو یاریزانی یانەی یانەی SUNDSVALLS DFFی کچانی سوێدییە، بەڵام ئێستا تووشی پێکان بووە. کچی بورهان حوسێنی یاریزانی پێشووی یانەی سلێمانییە.

پێشتر مامێکی شەنگە حوسێن، بە (ڕووداوی وەرزشی) راگەیاندبوو «شەنگە و ئیمیل لە تەمەنی 14 ساڵییەوە ئاشناییان لەگەڵ یەکدی هەبووەو زۆر تێکەڵاوی جیهانی تۆپی پێ بوون، دواجاریش بڕیاریاندا هاوسەرگیری بکەن».

زاواکەی کورد، بێجگە لە هەڵبژاردەی سوێد، لە ئەڵمانیاش سەرنجەکانی بۆ خۆی راکێشاوە، کە ئێستا یاری بۆ یانەی لایپزیگ دەکات، کە ئەمساڵ گەیشتووەتە بۆندسلیگا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو یانەیە ئاستێکی بەرزی پێشکەشکردووەو تاوەکو ئێستا رکابەری سەرەکی یانەی بایرن میونشنی بەناوبانگەو بە هاوبەشی لەگەڵیدا پێشەنگی ریزبەندی بۆندسلیگای گرتووە بە کۆکردنەوەی 24 خاڵ لە 10 گەڕدا، کە فۆرسبێرگ رۆڵێکی گەورەی هەبووە لەو ئاستە بەرزەی یانەکەی پێشکەشی دەکات و تاوەکو ئێستا خاوەنی 4 گۆڵە لە بۆندسلیگادا.

لەسەر ئاستی هەڵبژاردەش، سوێدییەکان هیوایان بە زاواکەی کورد هەیە، هەڵبژاردەکەیان بگەیەنێتە مۆندیالی 2018، کە یارییەکانی پاڵاوتنی لەگەڵ گرووپی یەکەم ئەنجام دەدات و تاوەکو ئێستا دوای تێپەڕبوونی 4 گەڕ بە کۆکردنەوەی 7 خاڵ پلەی دووەمی گرووپەکەی گرتووە لەدوای فەرەنسای پێشەنگ کە خاوەنی 10 خاڵە.

فۆرسبێرگ، پێشتریش لە یانەی مالمۆی سوێدی یاریکردووەو بەهۆی ئاستبەرزی ئەو لە یاریکردندا چەندینجار لەلایەن یانەکانی لیڤەرپوولی ئینگلیزی، لیۆنی فەرەنسی، ڤالنسیای ئیسپانی، رۆما و ئینتەرمیلانی ئیتاڵییەوە داوایلێکراوە گرێبەستیان لەگەڵ بکات.



## ڕاستە

سەرچاوەیەکی نزیک لە یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی، ئەو دەنگۆانەی پشتڕاستکردنەوە کە باسیان لە دووجار پێکرانی کینگسلی کومانی یاریزانی یانەکە دەکردو لەو بارەوە گوتی»ڕاستە، کومان لە مەشقەکانی هەڵبژاردەی فەرەنسادا دووجار و لە دوو شوێن تووشی پێکان بووە، یەکێکیان لە پاژنەی پێی و ئەوەی دیکەش لە ئەژنۆی، بۆیە بەلای کەمەوە ئەو یاریزانە ناتوانێت بۆ دوو مانگی دیکە یاری بکاتەوە، کە بێگومان ئەمەش گورزێکی قورسە بەر بایرن میونشن دەکەوێت» .



# دۆناڵد و ڕۆناڵدۆ دراوسێن

رووداوی وەرزشی ـ CNBC

ماڵپەڕی دیفینسا سێنترالی ئیسپانی، بوونی پەیوەندییەکی لەنێوان کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی ریال مەدرید و دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی تازەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای ئاشکرا کردووە، کە بەمدواییە بووە سەرۆکی ئەمریکا، دوای ڕکابەریکردن لەگەڵ کاندیدی دیموکراتەکان هیلاری کلینتن.

ماڵپەڕەکە ئاماژە بەوە دەکات، ڕۆناڵدۆ شوقەیەکی لە نهۆمی پێنجی ئەو تاوەرە کڕیوە، کە دۆناڵد ترەمپ خاوەنیەتی لە نیویۆرک، ئەو بینایەش لە یەکێک لە جوانترین شوێنە خۆشەکانی ئەو شارە ئەمریکییە دروستکراوە. نرخی ئەو شوقەیە 16 ملیۆن یۆرۆیە و ڕووبەرەکەشی 200 مەترە. وەک ماڵپەڕەکە بسایدەکات «سەرۆک ترەمپ پێیخۆشە لەو تاوەرە نیشتەجێ بێت، تاوەکو ئەوکاتەی دەچێتە کۆشکی سپی و پۆستە تازەکەی وەردەگرێت».

نرخی ئەو تاوەرە هەمووی نزیکەی 350 ملیۆن یۆرۆیە. ماڵپەڕەکە وای داناوە ڕۆناڵدۆ لە ئێستاوە بووەتە دراوسێی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکە مشتومڕهێنەکە.



"مێسی ئێران" دەچێتە پرێمەرلیگ..

# لیڤەرپوول سەرداری دەوێ

رووداوی وەرزشی ـ SPORT

یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی دەیەوێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پێکانی یاریزانەکانی پەنا بباتە بەر مێسی ئێران، کە لە ئێران ئەو یاریزانە بەو ناوە ناسراوە. سەرچاوەیەکی نزیک لە یانەکە ئاشکرایدەکات کە یۆرگن کلۆپی ڕاهێنەری لیڤەرپوول زۆر سەرسامە بە تواناکانی ئەو یاریزانە.

چەند ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەڤانی ئاشکرایان کردووە، یانەی لیڤەرپوول بەنیازە لە ماوەی گواستنەوەی زستانەی داهاتوودا، هێرشبەری ئێرانی سەردار ئەزموون یاریزانی یانەی ڕۆستۆڤی ڕووسی بباتە ریزەکانییەوە، بۆ ئەوەی شوێنی سادیۆ مانی پڕ بکاتەوە، کە لەگەڵ هەڵبژاردەی سەنیگال بەشداری لە جامی نەتەوەکانی ئەفریقیا لە گابۆن دەکات، هەروەها بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی پێکانی هێرشبەر دانی ئینگز لە پێکهاتەکەیدا جێیهێشتووە، کە بۆ ماوەیەکی درێژ دادەبڕێت.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتە ڕۆژنامەڤانیانە، یۆرگن کلۆپی ڕاهێنەر داوای لە ئیدارەی یانەکە کردووە کار بۆ هێنانی سەردار بکەن و لەو بارەوە نووسیویانە «کلۆپ زۆر سەرسامە بە تواناکانی مێسییەکەی ئێران، دەیەوێ سوود لەو یاریزانە گەنجە وەربگرێت، کە هێشتا تەمەنی تەنیا 21 ساڵە».

سەردار ئەزموون، دوای گواستنەوەی لە میرکاتۆی هاوینەی ڕابردوودا لە یانەی ڕۆبین کازانەوە، بۆ ڕۆستۆڤ ئاستێکی بەرز لەگەڵ یانە نوێیەکەی پێشکەش دەکات و لەگەڵیدا بەشداری لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپای ئەمساڵدا دەکات، کە لەم وەرزەدا، لەگەڵ ڕۆستۆڤ تاوەکو ئێستا لە 19 یارییدا 4 گۆڵی تۆمارکردووە. هەروەها لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپاشدا سەردار گۆڵێکی بۆ یانەکەی لە یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید تۆمارکردو بووە یەکەم یاریزانی ئێرانی لە چامپیۆنسلیگدا گۆڵ تۆمار بکات.

"یۆرگن کلۆپ بە بەرپرسانی یانەکەی گوتووە هەر دەبێ سەردارم بۆ بێنن"



نایەوێت بگەڕێتەوە ئەمریکا..

# یاریزانێک لە ترسی ترەمپ رادەکات

رووداوی وەرزشی ـ DW

کچە یاریزانێکی ئەمریکی، کە لە خولی تۆپی پێی ئافرەتان یاری دەکات، ئاشکرایکرد کە نایەوێ بگەڕێتەوە وڵاتەکەی تاوەکو دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی وڵاتەکەی بێت.

ئیلا مسار، کچە یاریزانی سویدی، کە یاری بۆ یانەی ڕۆزینگاردی سویدی دەکات، بە ڕۆژنامەی سیدفینسکینی سویدی ڕاگەیاند کە ئەو نایەوێ لە ترسی ترەمپ بگەڕێتەوە ئەمریکا و گوتی «بۆ ماوەی 4 ساڵی دیکە گرێبەستەکەم لەگەڵ ڕۆزینگارد نوێکردەوە بۆ ئەوەی نەگەڕێمەوە وڵاتەکەم و لە سایەی سەرۆکایەتی دۆناڵد ترەمپ ژیان بەسەر نەبەم».

ئەو کچە یاریزانە، کە تەمەنی 30 ساڵە، ڕاشکاوانە ڕایگەیاند کە ئەو نایەوێ لە ئەمریکا بژیت تاوەکو ترەمپ سەرۆکی بێت و گوتی «من لەو پیاوە دەترسم، نامەوێ لە وڵاتێک بژیم کە ئەو سەرۆکی بێت».

ئیلا مسار، کە ئەمساڵ لەگەڵ یانە سویدییەکەی لە 21 یارییدا 13 گۆڵی تۆمارکردووە، بۆ ڕۆژنامە سویدییەکە باس لەوەش دەکات کە جارێکیان ترەمپی بینیوەو دەڵێت «تەنیا جارێک لە شەوی جەژنی قیامە چاوم بە ترەمپ کەوتووە، بەڵام بەڕاستی پیاوێکی ترسێنەر دیار بوو، بۆیە کە زانیم ئەو بەسەر هیلاری کلینتندا سەرکەوتووە، ڕاستەوخۆ چوومە لای تیرێز سگۆگرانی بەڕێوەبەری وەرزشیی یانەی ڕۆزینگارد و پەیمگوت گرێبەستەکەم بۆ نوێ بکەرەوە تاوەکو کۆتایی بە ماوەی سەرۆکایەتی ترەمپ دێت». هەروەها ئیلا دەشڵێت «خۆشبەختانە خاوەنی وڵاتینامەی کەنەدیم و دەتوانم لەوێ بژیم».

هەوادارانی ریال مەدرید بایەخ بە جلوبەرگی یاریزانەکانیشیان دەد

# زیزۆ کەشخەیە و پانتۆڵی



رووداوی وەرزشی ـ REAL4EVER

خۆشەویستی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی لای هەوادارانی هێندە زۆر بووە، بایەخ بە هەموو شتێکی ئەو یانەیە دەدەن، تەنانەت جلوبەرگی یاریزانەکانیشی، کە لەم ڕۆژانەدا لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەشێوەیەکی زۆر بەربڵاو باسی جلوبەرگی ڕاهێنەر و یاریزانانی یانەی شاهانەیان کردووە.


جەماوەری تۆپی پێ بایەخیان بەو جلانە دا، کە ئەستێرەکانی ریال مەدریدی ئیسپانی، لە کاتی ئاهەنگی وەرگرتنی ئۆتۆمبێلی تازە، وەشانی ساڵی 2017 لە کۆمپانیای ئۆدی، کە سپۆنسەری یانەی شاهانەیە لەبەریان بوو.

جەماوەری ریال مەدرید تیشکیان خستە سەر جلی تایبەتی یاریزانەکاتی ریال مەدرید، لە کاتی وەرگرتنی ئۆتۆمبێلەکانیاندا. کە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ لە هەموو یاریزانەکانی دیکە کەشخەتر دەرکەوت، ئەو تیمێکی هەیە کە بۆ بۆنە گشتییەکان جلی بۆ هەڵدەبژێرن، تاوەکو پێی دەرکەوێ.

خۆشی لەوەدا بوو سێرجۆ ڕامۆس بە جلی ڕەش و سپی دەرکەوت، کە بە «جلی دەزکان» ناسراوە. هەروەها جەماوەر گاڵتەی زۆریان بە پانتۆڵەکەی لۆکا مۆدریچ کرد، چونکە بەتەواوی دڕا دڕا بوو، ئەوەش مۆدەیەکی تازەیە لە جیهانی جلوبەرگدا.

مارسیلۆ بە جلی ڕەش دەرکەوت، ئەو بەردەوام حەزی لە جلی تۆخە، بۆیە ڕەنگی ئۆتۆمبێلەکەشی هەروا بوو. کەریم بنزیمە بە پانتۆڵی کاوبۆی و پێڵاوی وەرزشیی دەرکەوت، کلاوێکیشی لەسەری نابوو. فابیۆ کۆینتراو جلەکانی لە هەموو جۆرە سەرنجڕاکێشییەک دوور بوون. خامیس ڕۆدریگزیش بە جلی ڕەش دەرکەوت. وەک نەریتی خۆیشی زینەدین زیدانی ڕاهێنەری یانەکە بە جلێکی کەشخە دەرکەوت، جلەکانیشی هەر لە پێگەی ئەو ئەفسانە فەرەنسییە دەوەشایەوە.

## جوانترین لێدوانەکانی هەفتە



یەکەمجار کە یاریم لەدژی میلان کرد، هەرکاتێ لە گۆڵی نزیک دەبوومەوە بەخۆم دەگوت، کاکا بەڕاستی دەتەوێ گۆڵ لە میلان بکەی؟

ریکاردۆ کاکا
(ئەستێرەی پێشووی یانەی میلان)



بەوانەی پێیانوایە زیدان ڕاهێنەرێکی گەورە نییە دەڵێم، ئەو نازناوەی ڕاهێنەرە گەورەکان بۆ بردنەوەی پێویستیان بە 4 ساڵ هەیە، زیدان بە نیو ساڵ بەدەستیهێنا

پاولۆ ڕووسی
(هێرشبەری ئەفسانەیی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا)




مێسی بە کەمئەندامی لەدایکبوو، هەمووان گاڵتەیان پێدەکرد، بەڵام کە گەورە بوو هەمووانی کەمئەندام کرد

عیسام شەوالی
(بێژەری کەناڵی بی ئێن سپۆرت)




لە ڕاستیدا هەق وایە باڵۆن دۆری ئەمساڵ بکرێتە دوو بەش، یەکێکیان بۆ لیۆنێل مێسی و ئەوەی دیکەش بۆ کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ

مانوێل پیلیگرینی
(ڕاهێنەری پێشووی ریال مەدرید)



ئیسلام ئایینێکی گەورەیە، فێرە ئارامیمان دەکات، سەردەمێک زۆر بێزار و سەرلێشێواو بووم، بەڵام ئیسلام منی گەڕاندووە سەر ڕێگای ڕاست

شکودران موستافی
(بەرگریکاری هەڵبژاردەی ئەڵمانیا)



هەستدەکەم من لەگەڵ دیێگۆ کۆستا باشتر یاری دەکەم وەک ئەوەی لەگەڵ کەریم بنزیمە یاری بکەم، چونکە من و کۆستا باشتر لەیەکدی تێدەگەین

ئەلڤارۆ مۆراتا
(هێرشبەری یانەی ریال مەدرید)



## درۆیە

سێرجیۆ ئەگوێرۆی هێرشبەری ئەرجەنتینی یانەی مانچێستەر ستی ئینگلیزی، هەموو ئەو دەنگۆانەی رەتکردنەوە کە باسیان لە بوونی کێشە لەنێوان خۆی و پیپ گواردیۆلای راهێنەریدا دەکرد و رایگەیاند کە زۆر دڵخۆشە بە کارکردن لە ژێر سەرپەرشتی پیپ. ئەگوێرۆ لەو بارەوە گوتی «درۆیە، من نەک کێشەم لەگەڵ گواردیۆلا نییە، بەڵکو زۆریش دڵخۆشم کە راهێنەرێکی وەک ئەو سەرپەرشتیم دەکات. بەڕاستی پیپ زۆر یارمەتی داوم و زۆر شتی نوێشی لێ فێربوومە».

لەبەرچی نایکی بە یەک ملیار پاوەند گرێبەستی لەگەڵ کریستیانۆ کرد؟..

# رۆناڵدۆ هیچی لە ئۆباما کەمتر نییە



**رووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

کریســتیانۆ رۆناڵدۆ، ئەستێرەی پورتوگالی باڵی بەســەر دەزگاکانی راگەیاندنــی ئیســپانی و جیهانیــدا کێشــاوە، لەوەتــەی گرێبەســتەکەی لەگەڵ ریال مەدرید تاوەکو ســاڵی 2021 درێــژ کردووەتەوە، دواتریــش بەیەک رۆژ گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیای نایکی ئەمریکیش بۆ جلوبەرگی وەرزشــی تازە کردەوە، گرێبەستەکە بۆ هەتا هەتایە، بەرامبەر بە یەک ملیار پاوەند.

### نایکی زۆری لە رۆناڵدۆ دەستدەکەوێ

هیچ سەیر نەبوو نایکی گرێبەستەکەی لەگەڵ ئەفسانەی تۆپــی پێــی پورتوگالــی بەرامبەر ئەو بڕە پــارە زۆرە تازە بکاتەوە، چونکــە ئەویش لە ناوی دۆن داهات و قازانجێکی زۆری دەســت دەکەوێ، ســوود لــە رێکلامکردنی دۆن بۆی وەردەگرێــت، بــە گوێــرەی راپۆرتێکی رۆژنامــەی مارکای ئیســپانی، کاریگەری نــاو و ناوبانگی کریســتیانۆ رۆناڵدۆ پارەیەکــی زۆر بۆ ئــەو کۆمپانیانە دەســتەبەر دەکات، کە سپۆنسەری دەکەن.

### رۆژانە بای 160 ملیۆن یۆرۆ شت دەفرۆشن

دۆن کریســتیانۆ گرێبەســتی لەگەڵ کۆمپانیــای زۆر لە هەموو بوارەکاندا کردووە، وەک جلوبەرگی وەرزشــی، یاری ڤیدیۆیی ئەلیکترۆنی، کاتژمێر، براندی مۆدیل، چێشــتخانە و بــواری دیکــەش، مارکا ئاماژە بــەوە دەکات «کاریگەری رێکلامیــی رۆناڵدۆ رۆژانــە نزیکەی 160 ملیۆن یۆرۆ بۆ ئەو کۆمپانیانە دەستەبەر دەکات، ئەوەش بەهای فرۆشتنی ئەو بەرهەمانەیە کە ناوی رۆناڵدۆیان لەسەرە، لەوانە 36 ملیۆن یۆرۆ بە تەنیا لە فرۆشتنی بەرهەمەکانی نایکی یە».

### داهاتی 2016ی رۆناڵدۆ 80 ملیۆن یۆرۆیە

رۆژنامە ئیســپانییەکە، کە زۆر نزیکە لە یانەی ریال مەدرید، لە راپۆرتەکەیدا باسی ئەوەش دەکات، کــۆی داهاتی رۆناڵدۆ لە ســاڵی 2016 گەیشــتووەتە 80 ملیۆن یۆرۆ، بە گوێرەی پۆلینی گۆڤاری فۆربســی ئەمریکــی. هەروەها دووپاتیشــی دەکاتــەوە کاریگەری ئابــووری دۆن جیهانی وەرزشــیی تێپەڕاندووە، ئەوەش وایکــردووە بێتە پلــەی چوارەم لە ریزبەنــدی زۆرترین داهاتەکان، لەنێو کەســە بەناوبانگەکانی جیهاندا، دوای خانمە گۆرانیبێژ تایلۆر سویفت، گروپی (وەن دایرکشن) و نووسەر جیمس پاتیرسۆن.

### رۆناڵدۆ هیچی لە ئۆباما کەمتر نییە

لەبــەر کاریگەری گەورەی کەســایەتی رۆناڵدۆ، ئــەو بــەردەوام ســەرچاوەی راکێشــانی گــەورە کۆمپانیاکانــی جیهانــە، کــە بــەردەوام هەوڵــی قۆســتنەوەی ناوبانگــی دۆن دەدەن، بــۆ ئەوەی رێــکلام بــۆ بەرهەمەکانیــان بــکات، نەخاســمە دۆن لەســەر تــۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بایەخێکی گــەورەی پێدەدرێــت و هیچــی لــە بایەخــی کەســایەتییە بەناوبانگەکانــی جیهــان کەمتــر نییــە، وەک باراک ئۆبامای ســەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریــکا و گۆرانیبێژان کاتی بێری، جاستن بیبر و ریهانا.

"نایکی بەهۆی رێکلامی رۆناڵدۆ رۆژانە بای 36 ملیۆن یۆرۆ بەرهەمەکانی دەفرۆشێت"

"دۆن لە 2016دا زیاتر لە 80 ملیۆن یۆرۆی کۆکردووەتەوە"

لەبەرئەوە فێرگسۆن سەیرترین خەڵاتی وەرگرت..

# لە 27 ساڵدا 6 جار سیشواری بەکارهێناوە



**رووداوی وەرزشی ـ THE SUN**

ســێر ئەلیکــس فێرگســۆن، راهێنەری ئەفســانەیی ســکۆتلاندی دیارییەکی وەرگرت، کە لەوانەیە سەیرترین دیاری بێت لە هەموو ژیانی خۆیدا وەریگرتبێت. هەروەها هۆکاری بەخشــینی ئەو خەڵاتەش لــە خودی خەڵاتەکە سەیرترە.

رۆژنامــەی THE SUNی ئینگلیــزی، ئەلیکــس فێرگســۆنی راهێنەری ئەفســانەیی یانەی مانچێســتەر یونایتــدی ئینگلیزی تاســاند، دوای ئەوەی (سیشــوار) واتە قژ وشککەرەوەیەکی بە دیاری پێبەخشی، بەبۆنەی تێپەڕبوونی 27 ســاڵ، بەســەر مانەوەی وەک راهێنەری یانەی شەیتانە ســوورەکان، کە لە ساڵی 1986 تاوەکو 2013 لە سەرپەرشــتیکردنی مەشــقەکانی ئــەو یانەیە بەردەوام بوو، دەیان نازناوی بۆ بردەوە.

بــەڵام ئایا هۆکاری دەستنیشــانکردنی ئــەو خەڵاتە لەلایــەن ئــەو رۆژنامەیــە چیبــووە؟. لــە راســتیدا ئەو رۆژنامــە ئینگلیزییە بڕیاریدا، سیشــوارێک بکاتە دیاری بــۆ فێرگســۆن، دوای ئەوەی زانی لە ماوەی 27 ســاڵی مانەوەی وەک راهێنەری مانچێســتەر یونایتد، ئەو پیاوە تەنیا 6 جار سیشواری بەکارهێناوە.

ئەلیکس فێرگســۆن لەگەڵ مانچێســتەر یونایتد 28 نازنــاوی بەدەســتهێناوە، لەوانــەش 13 جــار نازنــاوی پریمەرلیــگ و 2 جاریــش نازناوی چامپیۆنســلیگ، کە زۆر زەحمەتە راهێنەرێکی دیکە ئەو دەستکەوتانەی ئەو دووبارە بکاتەوە.

لەبەر خاتری ئانا هەمیشە هەڵوێستی ئەرێنی بەرامبەر سربیا هەبووە..

# ترەمپ شێتی ژنەکەی شڤاینشتایگەرە



**ئا: رووداوی وەرزشی**

رۆژنامــەی میرۆری بەریتانی ئاشــکرای کردووە، سەرۆکی تازە هەڵبژێردراوی ئەمریکا دۆناڵد ترەمپ، بــە خانمە یاریزانی تێنســی ســربی ئانا ئیڤانۆڤیچ سەرسامە، کە هاوسەری یاریزانی ئەڵمانی باستیان شڤاینشــتایگەری، یاریزانــی یانــەی مانچێســتەر یونایتدی ئینگلیزییە، ئەو شتەش کاریگەری ئەرێنی لە بۆچوونی ئەرێنی 45 مین ســەرۆکی گەورەترین وڵات لە جیهان لەبارەی سربیاوە هەبوو.


ترەمــپ قســەی خۆشــی بــۆ هاوســەرەکەی شڤاینشــتایگەر کــرد، ئەوکاتــەی ســاڵی 2014 چاویان بەیەکدی کەوت، بە راشــکاوی سەرســامی خــۆی بۆی دەربڕی. هەروەها لە کاتی کۆبوونەوەی لەگەڵ ئیڤیکا تادیچ، کە ئەوکات ســەرۆک وەزیرانی ســربیا بوو. ترەمپ لە بــارەی ئیڤانۆڤیچ گوتبووی «جوانترین ژنە لە ژیانمدا دیتبێتم، بە کورتییەکەی جوانترین ژنە».

لەبارەی ئەو رووداوەوە ئیڤیکا تادیچ، کە ئێستا وەزیری دەرەوەی سربیایە دەڵێت «لە کاتی دیدارم لەگــەڵ ترەمپ، کە 15 خولەکــی خایاند، بەردەوام لەبارەی ئانا ئیڤانۆڤیچەوە قسەی دەکرد، کە چۆن لەبــەر چاوی ئەو جوانتریــن خانمە یاریزانی تێنس و جوانتریــن ژنە لە جیهانــدا». تادیچ هەر بەوەندە نەوەســتا، بەڵکو روونیشــی کردەوە، هەڵوێســتی ئەرێنی ترەمپ لەبارەی ســربیا، بۆ سەرسامی ئەو بە جوانی هاوسەرەکەی شڤاینشتایگەر دەگەڕێتەوە.

...ەن..

# مۆدریچیش دڕاوە






چەند ســاڵ لە پاریــس بــووم یەکجاریش ســەردانی تاوەری ئیڤلم نەکــرد. نازانم بۆچی خەڵک ئەو تاوەریان خۆشدەوێت؟ پێمگوتبوون بۆ خۆتان لەجیاتی ئەو پەیکەری من دابنێن

**زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ**
(ئەستێرەی پێشووی پاریس سانجێرمان)




پێمباشــە دیچیی راهێنەری یانــەی بێرنلی ببێتە راهێنــەری هەڵبــژاردەی ئینگلتەرا نــەک یۆرگن کلۆپ، چونکــە هەرگیــز نابێــت ئەڵمانییەک ببێتــە راهێنەری هەڵبژاردەی ئینگلتەرا

**هاری رێدناب**
(راهێنەری پێشووی یانەی تۆتێنهام)



مــادام دۆناڵــد ترەمپ بــووە ســەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانــی ئەمریــکا، کەواتــە ئاســاییە ئەگــەر بەلجیکاش جامی جیهانی 2018 بباتەوە

**یان ڤیرتونگین**
(بەرگریکاری هەڵبژاردەی بەلجیکا)




بەڕای من رامۆس باشترین بەرگریکارە لە جیهاندا، هەروەها دەتوانێت ببێتە گۆرانیبێژێکی باشیش، چونکە دەنگێکی خۆشی هەیە

**مەسعود ئۆزێل**
(ئەستێرەی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا)



من هەر لە منداڵییەوە عاشقی ریال مەدریدم، بەڵام مێســیم زۆر خۆشــدەوێت، یاریکردنی ئەو بۆ بارسیلۆنا هەرگیز ئەو بۆچوونەم ناگۆڕێت

**فێرناندۆ ئەلۆنسۆ**
(شۆفێری بەناوبانگی فیراری)



ئەگەر لە مانچێســتەر یونایتد شــتێک بەدەســت من بووایە نەمدەهێشت ریناتۆ سانچێزمان لەدەست بچێت، بە قژەوە رامدەکێشایە مانچێستەر

**ریۆ فێردیناند**
(کاپتنی پێشووی مانچێستەر یونایتد)



## شەکرەی هەیە

ناچۆی بەرگریکاری یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی، هاندەر و هەوادارانی ئەو یانەیەی تووشی شۆک کرد، کاتێک لە دوایین هەڤپەیڤینیدا لەگەڵ رۆژنامەی مارکای ئیسپانی، نهێنییەکی لەبارەی تەندروستی خۆی ئاشکراکردو رایگەیاند کە لە مێژە نەخۆشییەکی مەترسیداری هەیە. ناچۆ لەو هەڤپەیڤینەدا گوتی «بەداخەوە کە من تووشی نەخۆشی شەکرە بوومە، لە راستیدا من لە تەمەنی 12 ساڵییەوە تووشی ئەو نەخۆشییە بوومە، بەڵام هەرگیز خۆم بەدەستەوە نەداوە، هەمیشە ورەبەرز بوومەو سوپاس بۆ خوا زۆر باشم».

7 کێشەی لەگەڵ ریال مەدرید هەیە..

# «راکە راکە راکە» کێشەکانی زیدان چارەسەر دەکات


«زیزۆ سەری لەوە سوڕماوە کە تیپەکەی ناتوانێت بە ئاسانی لە رکابەرانی بباتەوە»

**ئا: رەمزی میرەکانی**

یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی، لە گەڕی رابردووی چامپیۆنسلیگ، بەرامبەر یانەی لیگیا وارسۆی پۆڵەندی تووشی یەکسانبوونێکی لەناکاو بوو بە ئەنجامی 3 - 3 گۆڵ، ئەوەش ئەو راستییە دووپاتدەکاتەوە کە ریال مەدرید پێویستی بە چارەکردنی خێرای کێشەکانی هەیە، کە وایکردووە لە چەند وێستگەیەکی گرنگی وەرزی ئێستادا ئاستی وەک پێویست نەبێت.

رۆژنامەی مارکای ئیسپانی، چارەی بۆ کێشەکانی زینەدین زیدانی راهێنەر داناوە، کە بەرپرسیاریەتی یەکەمی بارودۆخەکە لەئەستۆی ئەودایە. مارکا ئاماژە بە 7 خاڵ دەکات کە پێیوایە کێشەی ئێستای زیدانن و پێویستە چارەسەریان بکات، بۆ ئەوەی یانەکەی لە ئەگەرەکانی شکست دووربخاتەوە.

### 1 - کەمی تەرکیز و کێشەکانی بەرگری

هێڵی بەرگری زیدان خراپ بوو، بەهۆی دابڕانی کاپتن سێرجیۆ رامۆس و پیپێ بەهۆی پێکان، کە لە 10 یارییدا 15 گۆڵی لێبووە، ئەوەش کزی تەرکیزی لۆس بلانکۆس لە وەرزی ئێستا دەردەخات.

### 2 - ناتوانێ بەئاسانی بباتەوە

زیدان سەری سووڕماوە، لەبەرئەوەی یاریزانەکانی ناتوانن بە خێرایی رکابەرەکانیان لەناو ببەن و یارییەکان لە بەرژەوەندی خۆیان یەکلایی بکەنەوە، ئەوە تەنیا لە یاری لیگیا وارسۆ نەبوو، بەڵکو لە زۆر یاری وەرزی ئێستا بەدی دەکرێ، ئەوەش زیدانی تووشی سەرسووڕمان کردووە.

### 3 - نەبوونی یەکڕیزی

ریال مەدرید ئەم وەرزە پێویستی بە یەکڕیزی هەموو یاریزانەکانی هەیە، وەک یەک تیپ و یەک دەست، تیپەکە دەبێت هاریکاری زیدان بکات، بۆ ئەوەی شتە نەرێنییەکان لەناو ببات، کە لە ماوەی رابردوودا سەریان هەڵداوە.

### 4 - راستکردنەوەی هەڵەکان و دروستکردنی بڕیار

کاتی ئەوە هاتووە هەموو لە ریال دەست بە جوولەکردن بکەن، بۆ ئەوەی هەڵەکان راست بکەنەوەو بۆ ئەمە بڕیاری گرنگ بدەن، لەگەڵ زاڵبوون بەسەر پێکانەکان، کە بەرۆکی تیپەکەی گرتووە، لەگەڵ بەردەوامبوون لەسەر کارکردن بەشێوەی پێشکەوتوو، بەمەبەستی گەڕان بە دوای ئاستی چاوەڕوانکراو لەلایەن جەماوەرەوە.

### 5 - دۆزینەوەی ریتمی گونجاو بۆ ئەزیەتدانی بەرامبەر

مەبەست لەوە ئەوەیە زیدان کار لەسەر زیادکردنی خێرایی تیپەکەی بکات، لە جوولەکردن و فشار خستنە سەر تیپی بەرامبەر و گواستنەوەی تۆپ لە بەرگرییەوە بۆ هێرشبردن و کوشتنی رکابەر، بە خێراترین شێوەی گونجاو، بنیاتنانی هێرشەکان لە تیپێک، کە بۆ ئەزیەتدانی بەرامبەر پێویستی بە خێرایی زیاتر هەیە.

### 6 - هەوڵی بێوچان

«دەبێت راکەی و راکەی و راکەی»، ئەوە پەیامی زیدان بوو بۆ یاریزانەکانی. وادیارە تیپەکەی تەنیا پێویستی بە کاری بە کۆمەڵ نییە، بەڵکو پێویستی بە کارکردن لەسەر لایەنی جەستەییش هەیە، ئەگەرنا وەک یارییەکەی لیگیا وارسۆ تووشی کێشە دەبێت.

### 7 - بەردەوامی پلانی جۆراوجۆری وەک MBBC

لە 11 یارییدا تاوەکو ئێستا، زیدان پشتی بە چەندین پلانی تەکتیکی بەستووە، وەک بوونی بەیڵ، رۆناڵدۆ و بنزیمە بەیەکەوە، لەگەڵ ئەگەری بوونی ئەلڤارۆ مۆراتاش لەگەڵیاندا، بێشک راهێنەر دەبێت بەدوای چەندین بیرۆکەی پلاندانان بگەڕێ، بەهۆی زۆری پێکانەکان بەدرێژایی وەرز، گرنگ ئەوەیە چارەی تەکتیکی بۆ هەڵوێستە ئەستەمەکان هەبێت، وەک ئەوەی ئێستا تیپەکە بەدەستییەوە دەناڵێنێت.

دوایین تاتۆی مەترسی تەندروستی هەیە..

# هەموو شتێک لەبارەی تاتۆیەکانی مێسی



**ئا: رووداوی وەرزشی**

شتێکی نامۆ نییە کە لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی، بە چەند وێنەیەکی سەیر لەسەر قاچی چەپی دەرکەوێ، ئەو لەو یاریزانانەیە کە بەدوای تاتۆکردن لەسەر جەستەیان دەگەڕێن، بۆ ئەوەی چەند یادەوەری و هەستێکی دیاریکراو بە نەمری بهێڵنەوە.

سەرەتا مێسی وێنەی (دوو دەستی) لەسەر قاچی کێشا، گوایە ئاماژەیە بۆ کوڕی یەکەمی (تیاگۆ). لە قۆناخی دووەمدا وێنەی (دڵێک لە چوار دەوری ناوی کوڕەکەی تیاگۆ)ی بۆ دوو دەستەکە زیاد کرد. لە قۆناخی سێیەمدا رەنگی رەشی بۆ دڵەکە زیادکرد، لەگەڵ دوو باڵ، وەک ئەوەی فریشتە بێ و لە ئاسمان بفڕێ. مێسی ژمارەی 10ی خستە سەر تاتۆیەکانی، کە ئاماژەیە بۆ ژمارەی ئەو درێسەی لەگەڵ ئەرجەنتین و بارسێلۆنا دەپۆشێت. لەلایەکەی دیکەش وێنەی تۆپێکی پێ هەبوو. مێسی دواتر هەندێ رەنگی بۆ تاتۆیەکانی زیادکرد، کە پێشتر تەنیا بە رەنگی رەش بوون.

کامێراکان وێنەی تاتۆیەکانی سەر قاچی مێسیان گرت، کە دەیکردە دیاری بۆ کوڕە گەورەکەی (تیاگۆ). تاتۆیە کۆنەکانی بریتی بوون لە: گۆڵ، باڵ، تۆپی پێ و شمشێر، بەڵام مێسی وازی لەو تاتۆیە هێنا و پێش یاری ئەرجەنتین و بەرازیل لە پاڵاوتنەکانی مۆندیالی رووسیا 2018، بە تاتۆیەکی دیکە دەرکەوت. مێسی ئەمجارە هەموو قاچی خۆی بە تاتۆیەکی رەنگ رەش داپۆشی، بەمەش وازی لە تاتۆیە کۆنەکەی هێنا، ئەو تاتۆیە تازەیەی تەنیا ژمارە 10 و هەردوو دەستی کوڕەکەی (تیاگۆ)یە. ئەوەش جۆرێکی تازەی تاتۆیە، کە لە ئەوروپا بڵاوبووەتەوەو بە ناوی (بلاک ئاوت) ناسراوە. ئەو تاتۆیە تازەیە مشتومڕێکی زۆری لەنێو جەماوەر لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نایەوە. ویل کێربی پزیشکی نەخۆشییەکانی پێست و شارەزا لە لادانی تاتۆ، لە لێدوانی بۆ گۆڤاری (ومەن هێلس) ئاماژەی بەوە کرد، ئەو حبر و ماددانەی لەو جۆرە تاتۆیە بەکار دەهێندرێن، لەوانەیە ئاکامی خراپی بۆ بەکارهێنەرانی هەبێت، لادانیشی لە تاتۆی ئاسایی ئەستەمتر دەبێت. کێربی گوتی «ئێستا ئەوانەی تاتۆ دەکوتن، چەند پێکهاتەیەک تێکەڵاوی یەکدی دەکەن، بۆ ئەوەی بگەنە رەنگێکی تۆخی نزیک لە رەنگی رەش، یەکێ لەو ماددانەش کاربۆنە، کە زیانی راستەقینە بە پێست و تەندروستی دەگەیێنێت».

رۆژنامەی لاناسیۆنی ئەرجەنتینیش ئاماژەی بەوە کرد، مێسی ئەو ماوەیەی قۆستەوە، بۆ ئەوەی ئەو تاتۆیە دروست بکات، چونکە ماوەی چەند رۆژێک هیچ چالاکییەکی وەرزشی نەبوو، بەڵام دوور نییە ببێتە هۆکاری هەوکردنی پێست، لەگەڵ بوونەوەی کونەکانی پێست و دەرچوونی ئارەقەدا، دووریش نییە رەوشەکە خراپتر بێت و ببێتە هۆکاری دوورخستنەوەی لە یاریگەکان، بۆ ماوەی دوو هەفتە.

مەبەستیان پاراستنی زەریاکانە..

# بایرن و ریال پاشماوەی زەریاکان لەبەردەکەن



**رووداوی وەرزشی - DW**

دوو یانە گەورەکەی ئەوروپا، بایرن میونشنی ئەڵمانی و ریال مەدریدی ئیسپانی، رایانگەیاند لە گەڕی داهاتووی بۆندسلیگا و لالیگا (درێسی پاشماوەی زەریاکان) دەپۆشن و کۆمپانیای وەرزشیی ئەدیداس بڕیاری داوە، دیزاینی ئەو جۆرە درێسە ناوازەیە بداتە ریال مەدرید و بایرن میونشن.

ریال مەدرید رۆژی 2016/11/26 بەرامبەر سپۆرتینگ خیخۆن لەلالیگا ئەو جۆرە درێسە دەپۆشێت. یانەی بایرن میونشنیش رۆژی 2016/11/5 بەرامبەر هۆڤنهایم بەو درێسە یاریکرد. ئەو جۆرە درێسە بە رێژەی 100% لەو ماددە پلاستیکانە دروستکراوە، کە لە قووڵایی زەریاکان لە کەنارەکانی ماڵدیڤ کەوتوون. کۆمپانیای سپۆنسەری ریال و بایرن رازی بووە، رێکلامە باوەکان لەسەر ئەو درێسە بە روونی دەرنەکەون.

چاپی ئەلۆنسۆی یاریزانی بایرن میونشن، لەو بارەوە دەڵێت «کە منداڵ بووم لەسەر کەنارەکانی ئیسپانیا گەورە بووم، بۆیە من دڵخۆشم درێسێک لەبەردەکەم، کە بە تەواوی لە خاشاکی زەریاکان دروستکراوە، ئەوەش شتێکی نایابە، تاوەکو هەمووان لە بڕی گرنگی پاراستنی زەریاکان ئاگادار بکەینەوە».

دیزاینی خاوێنی درێسێک بە یەک رەنگی باو، رەنگدانەوەی پەیامێکە پێویستە بگەیێندرێت ئەویش ئەوەیە، زەریاکان بە خاوێنی بمێننەوە، تەنیا 3 هێڵ کە دروشمی ئەدیداسە بە رەنگی سوور زیادکراوە، زێدەباری دروشمی بایرن میونشن. بەدڵنیاییەوە رۆناڵدۆ خەون بەوە دەبینێت، ئەو درێسە یارمەتی بدات دەروشانەوەی خۆی و خۆشەویستی هاندەران بەدەست بێنێتەوە، دوای ئەوەی لە ماوەی دوایی بەهۆی پاشەکشەکردنی ئاستی، جەماوەری ریال مەدرید فیکەیان بۆ لێدا و گاڵتەیان پێیکرد.




# خشتەی یارییەکانی هەفتە

## گرنگترین یارییەکانی هەفتە

پاڵاوتنەکانی مۆندیال — کۆلۆمبیا - ئەرجەنتین — چوارشەممە 16/11/2016 — AM 02:30

یاری دۆستانە — ئیسپانیا - ئینگلتەرا — سێشەممە 15/11/2016 — 11:00

یاری دۆستانە — ئەڵمانیا - ئیتاڵیا — سێشەممە 15/11/2016 — 10:45

پاڵاوتنەکانی مۆندیال — عێراق - ئیمارات — سێشەممە 15/11/2016 — 06:20

خولی ئیتاڵیا — ئینتەرمیلان - میلان — یەکشەممە 20/11/2016 — 10:45

خولی ئیسپانیا — ریال مەدرید - ئەتلەتیکۆ مەدرید — شەممە 19/11/2016 — 10:45

خولی ئینگلتەرا — ئارسیناڵ - مانچێستەر یونایتد — شەممە 19/11/2016 — 03:30

پاڵاوتنەکانی مۆندیال — بەرازیل - پیرۆ — چوارشەممە 16/11/2016 — AM 05:15

## خولی ئیسپانیا (هەفتەی 12)

**هەینی 2016/11/18**
ریال بیتیس - لاس پالماس 10:45
**شەممە 2016/11/19**
دیپۆرتیڤۆ - سڤیلیا 03:00
بارسیلۆنا - مەلەگە 06:15
ئیبار - سێلتاڤیگۆ 08:30
ئەتلەتیکۆ مەدرید - ریال مەدرید 10:45
**یەکشەممە 2016/11/20**
ئالاڤێس - ئیسپانیۆل 02:00
ڤالنسیا - گرانادا 06:15
خیخۆن - ریال سۆسیداد 08:30
ئەتلەتیک بلباو - ڤیاریال 10:45
**دووشەممە 2016/11/21**
لیگانێس - ئۆساسۆنا 10:45

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - ریال مەدرید | 27 |
| 2 - بارسیلۆنا | 25 |
| 3 - ڤیاریال | 22 |
| 4 - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 21 |
| 5 - سڤیلیا | 21 |
| 6 - ریال سۆسیداد | 19 |
| 7 - ئەتلەتیک بلباو | 17 |
| 8 - سێلتاڤیگۆ | 17 |
| 9 - لاس پالماس | 16 |
| 10 - مەلەگە | 15 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - میسی | بارسیلۆنا | 8 |
| 2 - سوارێز | بارسیلۆنا | 8 |
| 3 - گریزمان | ئەتلەتیکۆ مەدرید | 6 |
| 4 - ئەسپاس | سێلتاڤیگۆ | 6 |
| 5 - ویلیان | ریال سۆسیداد | 6 |

## خولی ئینگلتەرا (هەفتەی 12)

**شەممە 2016/11/19**
مانچێستەر یونایتد - ئارسیناڵ 03:30
کریستاڵ پالاس - مانچێستەر ستی 06:00
ئیڤێرتۆن - سوانزی ستی 06:00
میدلزبرە - چێلسی 06:00
ساوسهامتۆن - لیڤەرپوول 06:00
ستۆک ستی - بۆرنمۆس 06:00
ساندێرلاند - هاڵ ستی 06:00
واتفۆرد - لیستەر ستی 06:00
تۆتێنهام - وێستهام 08:30
**یەکشەممە 2016/11/20**
میدلزبرە - چێلسی 07:00
**دووشەممە 2016/11/21**
وێست برۆمیچ - بێرنلی 11:00

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - لیڤەرپوول | 26 |
| 2 - چێلسی | 25 |
| 3 - مانچێستەر ستی | 24 |
| 4 - ئارسیناڵ | 24 |
| 5 - تۆتێنهام | 21 |
| 6 - مانچێستەر یونایتد | 18 |
| 7 - ئیڤێرتۆن | 18 |
| 8 - واتفۆرد | 15 |
| 9 - بێرنلی | 14 |
| 10 - ساوسهامتۆن | 13 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - کۆستا | چێلسی | 9 |
| 2 - ئەگوێرۆ | مانچێستەر ستی | 8 |
| 3 - هازارد | چێلسی | 7 |
| 4 - لوکاکو | ئیڤێرتۆن | 7 |
| 5 - سانچێز | ئارسیناڵ | 6 |

## خولی ئیتاڵیا (هەفتەی 13)

**شەممە 2016/11/19**
ڤیرۆنا - کالیاری 05:00
ئۆدینێزی - ناپۆلی 08:00
یوڤانتۆس - پیسکارا 10:45
**یەکشەممە 2016/11/20**
سامپدۆریا - ساسۆلۆ 02:30
ئەتەلانتا - رۆما 05:00
بۆلۆنیا - پالێرمۆ 05:00
کرۆتۆنی - تۆرینۆ 05:00
ئیمپۆلی - فیۆرەنتینا 05:00
لازیۆ - جینەوا 05:00
میلان - ئینتەرمیلان 10:45

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - یوڤانتۆس | 30 |
| 2 - رۆما | 26 |
| 3 - میلان | 25 |
| 4 - لازیۆ | 22 |
| 5 - ئەتەلانتا | 22 |
| 6 - ناپۆلی | 21 |
| 7 - تۆرینۆ | 19 |
| 8 - فیۆرەنتینا | 17 |
| 9 - ئینتەرمیلان | 17 |
| 10 - جینەوا | 16 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - دزیکۆ | رۆما | 10 |
| 2 - ئیکاردی | ئینتەرمیلان | 10 |
| 3 - ئیمۆبیلی | لازیۆ | 9 |
| 4 - سەلاح | رۆما | 8 |
| 5 - بیلۆتی | تۆرینۆ | 8 |

## خولی ئەڵمانیا (هەفتەی 11)

**هەینی 2016/11/18**
بایرلیڤەرکۆزن - لایپزیگ 10:30
**شەممە 2016/11/19**
ماینز - فرایبۆرگ 05:30
مونشنگلادباخ - کۆڵن 05:30
ئۆگسبۆرگ - هێرتا بەرلین 05:30
دارمشتات - ئینگۆلشتات 05:30
فۆلفسبۆرگ - شاڵکە 05:30
بورۆسیا دۆرتمۆند - بایرن میونشن 08:30
**یەکشەممە 2016/11/20**
هۆفنهایم - هامبۆرگ 05:30
ڤێردەربریمەن - فرانکفۆرت 07:30

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - بایرن میونشن | 24 |
| 2 - لایپزیک | 24 |
| 3 - هۆفنهایم | 20 |
| 4 - هێرتا بەرلین | 20 |
| 5 - بورۆسیا دۆرتمۆند | 18 |
| 6 - کۆڵن | 18 |
| 7 - فرانکفۆرت | 18 |
| 8 - بایرلیڤەرکۆزن | 16 |
| 9 - فرایبۆرگ | 15 |
| 10 - ماینز | 14 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - ئۆبامیانگ | بورۆسیا دۆرتمۆند | 11 |
| 2 - مۆدیست | کۆڵن | 11 |
| 3 - لیڤاندۆفسکی | بایرن میونشن | 7 |
| 4 - ئیبیسێڤیچ | هێرتا بەرلین | 6 |
| 5 - چیچاریتۆ | بایرلیڤەرکۆزن | 5 |

## خولی فەرەنسا (هەفتەی 13)

**هەینی 2016/11/18**
لۆریان - مۆناکۆ 09:45
لیل - لیۆن 10:45
**شەممە 2016/11/19**
پاریس سانجێرمان - نانت 07:00
باستیا - مۆنپیلیە 10:00
نانس - دیجۆن 10:00
رین - ئەنجی 10:00
تۆلۆز - میتز 10:00
**یەکشەممە 2016/11/20**
گانگۆن - بۆردۆ 05:00
مارسیلیا - کان 07:00
سانت ئیتیان - نیس 10:45

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - نیس | 29 |
| 2 - مۆناکۆ | 26 |
| 3 - پاریس سانجێرمان | 26 |
| 4 - گانگۆن | 21 |
| 5 - رین | 20 |
| 6 - تۆلۆز | 19 |
| 7 - لیۆن | 19 |
| 8 - بۆردۆ | 19 |
| 9 - سانت ئیتیان | 18 |
| 10 - ئەنجی | 17 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - کاڤانی | پاریس سانجێرمان | 11 |
| 2 - لاکازێتی | لیۆن | 10 |
| 3 - مارتین | تۆلۆز | 7 |
| 4 - ئەلحەسەن | نیس | 7 |
| 5 - بالۆتێلی | نیس | 6 |

## پاڵاوتنەکانی مۆندیال (ئاسیا)

**سێشەممە 2016/11/15**
ژاپۆن - سعوودیە 01:35
کۆریای باشوور - ئۆزبەکستان 02:00
چین - قەتەر 02:35
سووریا - ئێران 03:00
تایلاند - ئۆستورالیا 03:00
ئیمارات - عێراق 06:20

(گرووپی A)

| هەڵبژاردە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - ئێران | 10 |
| 2 - ئۆزبەکستان | 9 |
| 3 - کۆریای باشوور | 7 |
| 4 - سووریا | 4 |
| 5 - قەتەر | 3 |
| 6 - چین | 1 |

(گرووپی A)

| هەڵبژاردە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - سعوودیە | 10 |
| 2 - ئۆستورالیا | 8 |
| 3 - ژاپۆن | 7 |
| 4 - ئیمارات | 6 |
| 5 - عێراق | 3 |
| 6 - تایلاند | 0 |

## پاڵاوتنەکانی مۆندیال (ئەمریکای باشوور)

**سێشەممە 2016/11/15**
بۆلیڤیا - پاراگوای 11:00
ئیکوادۆر - ڤەنزویلا 12:00
**چوارشەممە 2016/11/16**
ئەرجەنتین - کۆلۆمبیا AM 02:30
چیلی - ئۆرۆگوای AM 02:30
پیرۆ - بەرازیل AM 05:15

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - بەرازیل | 24 |
| 2 - ئۆرۆگوای | 23 |
| 3 - کۆلۆمبیا | 18 |
| 4 - ئیکوادۆر | 17 |
| 5 - چیلی | 17 |
| 6 - ئەرجەنتین | 16 |
| 7 - پاراگوای | 15 |
| 8 - پیرۆ | 14 |
| 9 - ڤەنزویلا | 5 |
| 10 - بۆلیڤیا | 4 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - ئێدینسۆن کاڤانی | ئۆرۆگوای | 7 |
| 2 - ئەرتورۆ ڤیداڵ | چیلی | 6 |
| 3 - فلیپی کایسێدۆ | ئیکوادۆر | 6 |
| 4 - جۆزێف مارتینێز | ڤەنزویلا | 5 |
| 5 - نەیمار دا سیلڤا | بەرازیل | 4 |

ڕووداو وەرزشی
ژمارە ( 424 )
سێشەممە 2016/11/15



## زوو ژنی هێناوە

مەسعودی ئۆزێلی ئەستێرەی کوردی ئەڵمانی، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ کەناڵی یانەی ئارسیناڵی ئینگلیزی باسی مستەفای باوکی کردو سەرەتا قسەی لەسەر وێنەیەکی باوکی کرد، کە لە سەردەمی هەرزەکاری گرتوویەتی و دەردەکەوێت کە مەسعود زۆر لە باوکی دەچێت لەو تەمەنەدا، لە بارەی باوکییەوە گوتی «باوکم یاریزانی تۆپی پێ و هێرشبەر و گۆڵکەر بوو». هەروەها گوتیشی «باوکم زوو ژنی هێنا، تەمەنی تەنیا 17 ساڵان بوو، کە تەمەنی بووە 18 ساڵان یەکەم منداڵی هاتە دونیا، بەردەوام بە منی دەگوت، ئێستا دەرفەتەکان زیاتر فەراهەمن، بەبەراورد لەگەڵ سەردەمی من، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە چوونە قوتابخانەوە».



ڕێبوار محەممەد

## شەممەی خۆڕاستکردنەوەی گەورەکان

هەرچەندە دوا گەڕی پاڵاوتنەکان لە 2016 و یارییە دۆستانەکانی ئەم هەفتەیە، یاریزانانی دووچاری ماندووبوونی جەستەیی و سەفەری درێژکردووە، هەندێک یانەشی دووچاری سەرئێشەی پێکانی یاریزانەکانی کردووە، بەڵام هەفتەی داهاتوو خولە ناوخۆییەکانی ئەورووپا دەستپێدەکەنەوە و ئەوکات ژوانمان لەگەڵ کۆمەڵێک یاری بەهێزدا دەبێت، هەندێک وەک دێربی و هەندێک وەک کلاسیکۆ.

### تاقیکردنەوەکەی زیدان

لەوەتەی زیدان وەک ڕاهێنەر لەگەڵ ڕیال مەدرید دەستبەکاربووە، هێندەی ئەم چەند هەفتەیەی ڕابردوو، ڕیال مەدرید، کێشەکانی، پێکانی یاریزانەکانی، ئاستی خراپی ڕۆناڵدۆ، چارەنووسی ئیسکۆ و نوێکردنەوەی گرێبەستی یاریزانەکان، نەبوونەتە باسوخواس و مانشێتی ڕۆژنامەکان.

ڕیال مەدرید تا ئێستا نەدۆڕاوە، پێشەنگی لالیگاشی گرتووە، بەڵام ئاستی وەک پێویست نییە و ڕۆژنامەی مارکا ناویناوە، تیپێکی بێرۆح. لە یارییەکانی ڕیال مەدریددا هەست بە ئاستی خراپی ئەو تیپە دەکرێت و کار گەیشتووەتە ئەوەی هەندێک باس لە دوورخستنەوەی زیدان لە پۆستەکەی بکەنەوە. هەموو ئەوانە وایکردووە دێربی بەرامبەر ئاتلێتیکۆ سەختترین تاقیکردنەوەی ئەمساڵی زیدان و تیپەکەی بێت، ئەنجامی یارییەکە زۆر شت دەگۆڕێت، بەر لە هەمووشی هاتنە دەرەوە لە ژێر ئەو هەموو فشارەی لەسەر تیپەکەی زیدان دروستبووە یان چڕتربوونەوەی.

### دۆرتمۆند و خەونی باڤاریا

لە ئەڵمانیا جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان بایرن میونشن و بوروسیا دۆرتمۆندا هەیە. جیاوازی لە پلەکانی ڕیزبەندییەکە بەشێوەیەک کە میونشن لە پێشەنگە و دۆرتمۆند لە پێنجەمە.

یاریزانەکانی تۆخێل دەمێکە خەون بە گەڕانەوە بۆ سەردەمی زێڕینی شان لە شاندانی بایرن دەبینن، ئەو خەونەی دواجار لە مانگی نیسانی 2015 بەدیهات کاتێک دۆرتمۆند لە نیوەی کۆتایی جامی ئەڵمانیادا لە بایرنی بردەوە. بەڵام پێناچێ ئەرکی ئەمجارەشیان ئاسان نەبێت، چونکە ئەوەی تا ئێستا دۆرتمۆند پێشکەشی دەکات مایەی دڵنیایی نییە، هەرچەندە دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە بایرنیش، وێڕای ئەوەی لەگەڵ ئەنچیلۆتیدا لە ناوخۆی ئەڵمانیا نەدۆڕاوە، بەڵام فشارەکانی بایرن لە یارییەکاندا پێناچێ ئەرکێکی هێندە زەحمەت بن بۆ یاریزانەکانی دۆرتمۆند ئەگەر تۆخێل پلانی باشی بۆ دابنێت.

### ئەوەی هیچ ڕاهێنەرێک خۆزگەی پێناخوازێت

باوەڕناکەم تاقیکردنەوەیەک لەوە قورستر هەبێت کە ئێستا ستیڤانۆ پیۆلی ڕاهێنەری نوێی ئینتەرمیلان چاوەڕێی دەکات. ئاخر ئەنجامدانی یەکەم یاری لە بەرامبەر میلان لە ڕۆژی یەکشەممەدا و لە دێربی میلانۆدا لە کاتێکدا تۆ دوو هەفتە بێت سەرپەرشتی یانەکەت وەرگرتبێت و هێشتا یاریزانەکانت نەبینیبێت پێکەوە یاری دەکەن، ئەوە تاقیکردنەوەیەکی قورسە.

ئینتەر بە دۆخێکی ناسەقامگیر لە ڕووی کارگێڕییەوە تێدەپەڕێت و کەس دڵنیا نییە لە هاتنی سەرمایەدارە نوێیەکان، ئەنجامەکانیش خراپن و ئیکاردیش هەڵایەکی گەورەی لەگەڵ هاندەرانی یانەکەیدا خولقاندووە، هەموو ئەمانە بەیەکجار ڕووی لە پیۆلی کردووە و لەسەریشییەوە، یاریکردن بەرامبەر میلان لە یارییەکدا یاریگە هی میلانییەکان دەبێت.

### ئێسکەکانی مۆرینیۆ

باوەڕناکەم هێندەی چەند هەفتەی ڕابردوو، هیچ کات خۆسێ مۆرینیۆ هەستی بە نادڵنیایی و فشار لەسەر خۆی کردبێت. ئاخر سپێشەڵ وەن کە لە چەند هەفتەی سەرەتای کارکردنی لەگەڵ مانچێستەر یونایتد بە گوڵ پێشوازی لێکرا، لەناکاو هەمووان لێیکەوتنە تەقە.

مۆ لە دۆخێکی ناسکدا بەرامبەر ئارسیناڵ یاریدەکات. لەوەتەشی خۆسێ خۆی ناسیوە، دەیان نوکتەی لەسەر تیپەکەی ئارسن ڤینگەر داهێناوە، کەواتە یارییەکە یاری شکاندنی ئێسک دەبێت لە نێوان هەردوو یانەدا، شکانی ئێسکەکانی ڤینگەر ئاسایی تێدەپەڕن و ئەو لەسەری ڕاهاتووە، بەڵام شکانی ئێسکەکانی مۆرینیۆ، گێژاوێکی بێ ئامان بە چواردەوری سپێشەڵ وەندا دروست دەکەن کە لەوانەیە بە ئاسانی لێی دەرنەچێت.

## بەهۆی سەرکەوتنی ترەمپەوە..

# 4.5 ملیۆن پاوەندی دیکەی بردەوە

ڕووداوی وەرزشی ـ SPORT

پێدەچێت بەخت هێشتا یاوەری ئەو هاندەرەی لیستەر ستی بێت، کە وەرزی ڕابردوو گرەوی لەسەر بەدەستهێنانی نازناوی پریمەرلیگ کرد، بۆ یەکەمجار لە مێژووی لیستەر ستی، دوای ئەوەی 5 پاوەندی کردە گرەو و پاشان 5 ملیۆن پاوەندی بردەوە.

ڕۆژنامەی THE SUNی ئینگلیزی، لەو بارەوە گوتی «هەر هەمان هاندەر بڕی 4.5 ملیۆن پاوەندی بردەوە، دوای ئەوەی گرەوی لەسەر بردنەوەی دۆناڵد ترەمپ لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد، لەسەر حسابی ڕکابەرە ڕاستەوخۆکەی هیلاری کلینتن، دوای ئەوەی تەنیا یەک پاوەندی دا».

ئەلیکس دۆنوهیۆ، گوتەبێژ بەناوی نووسینگەی گرەوکردنی (ئەدبرۆکس) گوتی «یەکێک لە مەزنترین ساڵەکان بوو لە مێژووی گرەوکردندا، دوای ئەوەی داهاتی ئەو هاندەرە گەیشتە 12.5 ملیۆن پاوەند، ئەویش لە پێشبینیکردنی بردنەوەی نازناوی پریمەرلیگ لەلایەن لیستەر ستییەوە، کشانەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا و بردنەوەی دۆناڵد ترەمپ لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە ئەمریکادا».

"هەمان کەس پێشتر بەهۆی یەکەمبوونی لیستەر ستی و کشانەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا ملیۆنەها پاوەندی بردووەتەوە"




پێشبڕکێ




**بە کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە**

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

**0750 833 3555**



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

ئامانج عەلی لە سەیدسادق

بە لێدوانی:

**(شەرابێکی بەتامە، لە ئیسلامدا حەرامە)**

ڕووداو وەرزشی
ژمارە ( 424 )
سێشەممە 2016/11/15

## پەنجاو سێیەمین پێشبڕکێ

LOTTO 2

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (ڕووداوی وەرزشی)ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی ڕووداوی وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەکان

1 ـ ئامێری ڕۆیشتنی کارەبایی
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
4 ـ کۆمپیوتەری دیسکتۆپ
5 ـ ئامێرەکی تەلەفونی مۆبایل

ناو : ..............................

مۆبایل : ..............................

(ڕووداوی وەرزشی) بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە




سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net – 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ ژیرۆ عەبدولرەحمان
(ڕووداوی وەرزشی) ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە